ئێران ئینجامی لێکۆڵینەوەی رووداوێکی بەندەری شەهید هەجایی بڵاوکردەوە

حکومەتی ئێران ئەمڕۆ دوشەممە، ئینجامی لێکۆڵینەوەی رووداوێکی بەندەری شەهید هەجایی بڵاوکردەوە

ڕاشیگەیاند، تەقینەوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسرائیلەوە نەبووە و لە ئەنجامی "کەمتەرخەمی مرۆیی" بووە.

فاتیمە موهاجەرانی وتەبێژی حکومەتی ئێران لە لێدوانێکدا رایگەیاند، لێکۆڵینەوە فەرمییەکان هیچ تێکدەرێکیان لە پشت ڕووداوەکەی بەندەری شەهید هەجاییەوە نەسەلماندووە، دەسەڵاتداران دو کەسیان دەستگیرکردووە بەهۆی کەمتەرخەمیەوە ئەوانەوە کارەساتەکە رویداوە.

سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی ئیسرائیل دەکرێن کە لە پشت تەقینەوەکانەوە بووبێت، وتەبێژی حکومەتی ئێران ئاشکرایکرد، ئێران لە لێکۆڵینەوەکانیدا بابەتی ئەمنی هەڕەت ناکاتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی نەدزیوەتەوە کە تاوەگلانی ئیسرائیل یان هیچ لایەنێکی دەرەکی لە تەقینەوەکەی ئەم دواییە بسەلمێنێت".

ئەوەشیخستەتەو، ئەران پشتر توشی "ئەپەراسیونی تیرۆریستی ئابووری و زانستی بووە، کە بووە هۆی تیرۆرکردنی ژمارەیەك لە پسپۆرانی ئەتۆمی، بەڵام تاران بە توندی مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسانەدا دەکات و پشت بە توانا بەهێزەکانی بەرگری و ئەمنی دەبەستێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەیەکی ئەگەری".